Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC-9

# گەشەپێدانی گەشتوگوزاری تاریك لە قەزای چەمچەماڵ
# مۆنۆمێنتی ئەنفال بە نموونە

هۆشمەند ئەحمەد عەزیز[1], کاظم احمد صدرالدین[2],صلاح الدین حسن علی[3]

1-بەشی رووپێوی، پەیمانگای تەکنیکی کەلار، زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان، هەرێمی کوردستان، عێراق
2- وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی. هەرێمی کوردستان- عێراق
3- وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی. هەرێمی کوردستان- عێراق

**Article Info**

| Received | April 2025 |
|---|---|
| Accepted | May 2025 |
| Published: | August 2025 |

**Keywords**

ئەنفال، گەشتوگوزاری ، مۆنۆمێنتی ئەنفال، (GIS)تاریك، قەزای چەمچەماڵ

**Corresponding Author**

hoshmand.ahmad@gpu.edu.iq
kazim.cebari@gmail.com
salahadenhasan@gmail.com

## پوختە:

ئامانج لە توێژینەوەکە خستنەڕووی پێگەکانی گەشتوگوزاری تاریکە لە ناوچەی توێژینەوەکە و هاندان و گەشەپێدانی مۆنۆمێنتی ئەنفالە وەك پێگەیەکی گرنگی گەشتوگوزاری تاریك لە قەزای چەمچەماڵ. گرنگی توێژینەوەکەش لەوەدایە بۆ گەشەپێدانی سیماکانی گەشتوگوزاری تاریك سوود لە مۆدێلی (SOWT) و تەکنەلۆژیای (GIS) وەرگیراوە. هەروەها میتۆدەکانی (وەسفی و شیکاری) لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتووە. هەرچی پلانی تویژینەکەشە لە سێ بەش و چەند باسێك پێکهاتووە بەم شێوەیە: بەشی یەکەم: باسی یەکەم: چەمک و زاراوەکانی توێژینەوە: باسی دووەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە. بەشی دووەم: باسی یەکەم: ئەنفال و قۆناغەکانی ئەنفال. باسی دووەم: دابەشبوونی جوگرافی گەشتوگوزاری تاریك لە ناوچەی توێژینەوە. بەشی سێیەم: باسی یەکەم: مۆنۆمێنتی ئەنفال. باسی دووەم: گەشەپێدانی مۆنۆمێنتی ئەنفال بە مۆدێلی (SOWT).

هەروەها توێژینەوەکە بەم دەرەنجامانە گەیشتووە: ناوچەکە خاوەن کۆمەڵێك پێگەی گەشتوگوزاری تاریکە لە مۆنۆمێنت و گۆڕستان و دیواربەند. هەرچی پێگەکانی گەشتوگوزاری تاریکە لە ناوچەی توێژینەوە ژمارەیان (10) پێگەیە و بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر ناوچەکەدا دابەش نەبووە. هەرچەندە مۆنۆمێنتی ئەنفال دەکەوێتە (سەنتەری قەزای چەمچەماڵ) هەریەك لە ناحیەکانی (ئاغجەلەر) خاوەن (سێ) پێگە و قادرکەرەم (چوار) پێگە و ناحیەی سەنگاو (2) پێگەیە. بەمەش هەریەك لە ناحیەکانی (شۆڕش و تەکیەی جەباری و تەکیەی کاکەمەند)، هیچ پێگەیەکی گەشتوگوزاری تێدا دروستنەکراوە. توێژینەوەکە پێشنیاری ئەوەش دەکات: گرنگیدان بە کۆنفرانس و کۆنگرە و دیداری زانستی لەسەر ئەنفال و جینۆساید لە ناو مۆنۆمێنی ئەنفال. هەروەها گرتنەبەری ڕێگە و شێوازی سەردەمیانە بۆ ناساندنی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال و مۆنۆمێنتی ئەنفال لە قەزای چەمچەماڵ لە ڕێگەی سینەما و توێژینەوەی زانستی و پیشانگا و هتد. و تۆمارکردنی مۆنۆمێنتی ئەنفال و پێگەکانی گەشتوگوزاری تاریکی قەزاکە لەلایەن دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم، لە ڕێبەر و ئەتڵەسەکانی گەشتیاریدا.

## پێشەکی:

ئەمڕۆکە لە جیهاندا، گەشتوگوزاری تاریك وەك ڕەوتێکی نوێی گەشتیاری برەوی پێدەدرێت، کەسانێك هەن بۆ چەندین مەبەستی جیاواز حەز بەم جۆرە گەشتە دەکەن. زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانیش بەهۆی ئەو جینۆساید و کارەسات و کاولکارییەی لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا بەسەریدا هاتووە، خاوەن ژمارەیەکی بەرچاو لە قوربانیین، بە تایبەت قەزای چەمچەماڵ، کە ڕووبەڕووی دوو قۆناغی شاڵاوی ئەنفال بوەتەوە، کە ئەنفالی (سێ، چوار)ی تێدا ڕوویداوە و بەهۆیەوە زیانێکی گیانی و مادی زۆری لێ کەتووەتەوە. جگەلە ئەنفالکردن و شوێنبزرکردنی دانیشتوانەکانی ناوچەکانی گۆپتەپە و عەسکەریش بەچەکی کیمیایی گازباران کراوە. جینۆسایدی خەڵکی ناوچەکە هاندەر و فاکتەرێکە بۆ ئەوەی چەندین پێگەی گەشتوگوزاری تاریکی تێدا دروست بکرێت، لەوانە (مۆنۆمێنت و دیواربەند و گۆڕستان)، کە دەکرێت سوود لەو پێگانە وەربگیرێت لە بواری گەشەپێدان و وەبەرهێنانی گەشتیارییدا، تا هاندەرێك بێت بۆ ڕەخساندنی هەلی کارو بەدەستهێنانی داهات بۆ ناوچەکە.

**هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە قەزاکە جگەلە مۆنۆمێنتی ئەنفال کە گوزارشتە لە قوربانییەکانی قەزاکە. چەندین دیواربەند و گۆڕستانی شەهیدانی تێدایە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** لەوەدایە کە تیشك دەخاتەسەر پێگەکانی گەشتوگوزاری تاریك لە ناوچەی توێژینەوە و دابەشبوونی جوگرافی مۆنۆمێنت و دیواربەند و گۆڕستانەکانی قەزاکە و کارکردن بۆ گەشەپێدانی مۆنۆمێنتی ئەنفال بە بەکارهێنانی مۆدێلی (SOWT) و سیستەمی زانیاری جوگرافی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** پیشاندان و خستنەڕووی توانستە گەشتوگوزارییە تاریکەکانی سنورەکەیە. هەڵبژاردنی گەشەپێدانی مۆنۆمێنتی ئەنفالە لە قەزاکە و ناساندنی پێگەکانی گەشتوگوزاری تاریك و هاندانی گەشتیاران بۆ سەردانی کردنی ئەو پێگانە و گەشەپێدانی مۆنۆمینتی ئەنفال، وەك پێگەیەکی گرنگی گەشتوگوزاری تاریك لە ناوچەکە.

کێشەی توێژینەوە: ئایا ناوچەی توێژینەوە توانستی ئەوەی تێدایە ڕۆڵ ببینێت لە گەشەپێدانی گەشتوگوزاری تاریك؟ ئایا گەشتوگوزاری تاریك دەتوانێت شان بەشانی توانستە سروشتی مرۆییە گەشتیارییەکان ڕۆڵ ببینێت لە هاندانی گەشتیاران بۆ ناوچەکە؟.

**گریمانەی توێژینەوەکە:** ئەوەش دەکات کە قەزای چەمچەماڵ گونجاوە بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزاری تاریك. لەلایەك بەهۆی بوونی مۆنۆمێنت لەلایەکی تر زۆری قوربانی ئەنفال و جینۆسایدی ناوچەکە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لە توێژینەوەکەدا میتۆدەکانی (وەسفی و شیکاری) بەکارهاتووە.

**پلانی توێژینەوەکە:** دابەشکراوە بۆ سێ باس چەند تەوەرێك بەم شێوەیە: باسی یەکەم: تەوەری یەکەم: چەمک و زاراوەکانی توێژینەوە: تەوەری دووەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە. باسی دووەم: تەوەری یەکەم: یەکەم: ئەنفال. دووەم: قۆناغەکانی ئەنفال. تەوەری دووەم: یەکەم: گەشتوگوزاری تاریك لە ناوچەی توێژینەوە. دووەم: دابەشبوونی جوگرافی گەشتوگوزاری تاریك لە ناوچەی توێژینەوە. باسی سێیەم: تەوەری یەکەم: مۆنۆمێنتی ئەنفال و بەشەکانی مۆنۆمێنت. تەوەری دووەم: گەشەپێدانی مۆنۆمێنتی ئەنفال بە مۆدێلی (SOWT).

لە توێژینەوەکەدا نەخشە و خشتە و داتای پێویست بەکارهاتووە لەگەڵ سوود وەرگرتن لە مۆدێلی (SOWT)و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای (GIS). پاشان بە دەرەنجام و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی بە توێژینەوەکە دێت.

## باسی یەکەم

### تەوەری یەکەم: چەمك و زاراوەکان

1. **جینۆساید:** مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی جینۆساید، دەگەڕێتەوە بۆ ساتەوەختی دوای ڕووداوەکانی جەنگی جیهانی دووەم، دوای کۆمەڵکوژی جولەکەکان (هۆلۆکۆست)، لەلایەن (ئەدۆلف هیتلەر) سەرۆکی ئەڵمانیای نازی. بەڵام (ڕافائیل لێمکین)، کە بە یەکێك لە داهێنەرانی چەمکی جینۆساید دادەنرێت. توێژەر و پارێزەرێکی جولەکەی پۆلۆنی بوو، لەنێوان ساڵانی (1901 - 1959)، ژیاوە، (لویس، 2017، ل73) ئەم توێژەرە. لە کتێبەکەیدا (بنکەی تاوەر لە ئەورووپای داگیرکراودا)، لە ساڵی (1943). بۆ یەکەمجار (چەمك)ی (جینۆساید)ی بەکارهێنا. لێمکین، دەستەواژەی جینۆساید بەو شێوەیە بەرجەستە کرد، کە بریتیە لە پلانێکی پێشوەخت، ڕێکخراو بۆ لەناوبردنی بناغەی بوونی نەتەوەیەك. بە هەموو ئامرازەکانی بەردەست. بۆ ڕیشەکێشکردنیان، جێبەجێ دەکرێت. ئەو پلانانەش دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە بۆ لەناوبردنی کولتور، زمان، ئاین، بزوتنەوە سیاسیەکانی گروپە نەتەوییەکان، ئەو کردەوانەشی بەرامبەر تاکەکان دەکرێت، نەك لەبەر ئەوە بێت، کە تاکەکە تاوەنبارە، سیفەتی خراپی هەیە. بەڵکو لەبەر ئەوەی کە سەر بە کۆی گروپێکی ئێتنیکی دیاریکراوە(ئاورۆن، 2019، ل26.). ڕیشەی وشەی جینۆساید لە ڕووی زمانەوانییەوە ، لە بنەڕەتدا بە وشەیەکی گریکی، یان لاتینی دادەنرێت. بە دوو واتا بەکاردەهێنرێت (Genos) کە وشەیەکی گریکیە، بەواتای ڕەگەز یان نەتەوە و (Gaeder)، کە وشەیەکی لاتینیە بە واتای کوشتن یان فەوتان دێت. بە پێکەوە بەستنی هەردوو وشەکە، بە مانای فەوتاندنی ڕەگەز یان بنچە دەگەیەنێت. (عەبدولڕەزاق، 2006، ل130.). بەوەی هەر کارێك بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێك لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی ئەنجام بدرێت. لە ڕووی سیفاتی نەتەوەیی و ڕەگەزی و نیشتیمانی و ئاینی. بە تاوانی جینۆساید دادەنرێت. (نامیق، 2013، ل25.)

2. **گەشتوگوزاری تاریك**: گەشتوگوزاری ڕەش یاخود تاریك (Black Tourism-Dark Tourism)، بۆ یەکەمجار لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا هەریەك لە (جۆن لینۆنJohn Lennon) و (مالکۆلم فۆلی Malcolm Foley) لە توێژینەوەکانیاندا بەکاریان هێناوە، وا پێناسەیان کردوە گەشتوگوزاری تاریك سەردانی کردنی گەشتیارانە بۆ ئەو شوێن و پێگانەی ڕووبەڕووی کارەساتی ڕاستەقینە بوونەتەوە و بەهۆی پیلانی دوژمن کارانە یان شوێنەکانی مردوان، یاخود ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ئەو شوێنانەی کە پەیوەستن بە ڕووداوەکانی مردن و تراژیدیا و کارەساتی مرۆیی و دیاردە مێژووییەکان. (Foley, 1996, P:198)، ئەم جۆرە گەشتوگوزارە، کە چەندین ناوی هەیە لەوانە گەشتوگوزاری(تاریك، ڕەش، سێبەر، خەم و پەژارە) لە ئەنجامی ڕوودانی کارەساتی سروشتی یان مرۆیی دروست دەبێت کە شوێنەوار و کاریگەری لەسەر ناوچەیەك بەجێدەهێڵێت، یادەوەری و مێژوویەکی ڕەش لە یادگە و ژیانی دانیشتوان دروست دەکات، هەندێك لە ڕووداوەکان زۆر گەورە و کاریگەر و دەگمەنن، بۆیە گەشتیاران ئارەزو دەکەن سەردانی شوێنی ڕووداوەکە بکەن وردەکاری لەسەر شوێنەکە و جۆری کارەساتەکە بزانن (ڕۆستی، 2022، ل130). ئەگەرچی گەشتوگوزاری تاریك وەکو ناولێنان نوێیە و جۆرێکی نوێیە لە گەشتوگوزار، بەڵام دیاردەیەکە بەستراوە بە ڕابردووەوە وەك ڕووداوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و شانۆی ڕۆمانی و شاری پۆمپی لە ئیتالیا، هەروەها کۆمەڵکوژی هۆلۆکۆستی جووەکان لەساڵی(1939) بەدەستی نازییەکان و... هتد، کەواتە خودی گەشتوگوزاری تاریك نوێ نییە بەڵام وەکو ناونان نوێیە. (خطاب، 2018، ص352).

3. گەشەپێدانی گەشتوگوزار: چەمکی گەشەپێدانی گەشتوگوزار بۆ زۆرێك لە وڵاتانی جیهان پرسێکی هاوچەرخە، بەو پێیەی ئامانجی بەشداری کردنە لە زیادکردنی داهاتی نیشتیمانی وڵات و بەمەش داهاتی تاکەکان زیاد دەکات و ئاستی خۆشگوزەرانی ژیان بەرز دەبێتەوە، جگەلە لایەنی ڕۆشنبیری و ماددی، لێرەدا پەرەپێدانی گەشتوگوزاری دەبێتە ئامرازێك بۆ گەشەپێدانی ئابوری. (الأنصاري، 2018، ص24)، هەروەها گەشەپێدانی گەشتیاری ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو بەرنامانەیە کە بەندە بە بەرزکردنەوە و فراوانکردنی خزمەتگوزاریە گەشتیاریەکان و پێداویستیەکانی، ئەمەش پێویستی بە پلاندانانی گەشتیاری هەیە وەك شێوازێکی زانستی کە ئامانجی بەدەستهێنانی گەورەترین ڕێژەی گەشەی گەشتیاریە بە کەمترین تێچوون و بە زووترین کات بۆیە پلاندانانی گەشتیاری پێویستی بە گەشەپێدانی گەشتیاریە. (السعدي، 2009، ص133)، یاخود کۆمەڵێك کردار بۆ بەرەو پێشبردنی خزمەتگوزاری و کارئاسانی و دامەزراوەکانە لە کەرتی گەشتوگوزاردا بەمەبەستی بەدیهێنانی داواکاری گەشتیاران. (مصطفى، 2024، ل10).

گەشەپێدانی گەشتوگوزار بریتیەلە گەشەپێدان و پێشکەشکردنی ئاسانکاری و خزمەتگوزاریە گەشتوگوزاریەکان بۆ تێرکردنی پێداویستیەکان و بەدیهێنانی ئارەزووی گەشتیاران و فەراهەمکردنی هەلی کاری نوێ و داهاتی نوێ لە بواری گەشتوگوزاریدا (DOUGLAS, 1987, p85). هەروەك گەشەپێدانی گەشتیاری بەبێ پلاندانانی گەشتیاری بەدینایەت، مەبەستیش لێ بوژانەوە و پێشخستنی ناوچە گەشتوگوزاریەکانە لەوڵاتدا و ئەنجامدانی چاکسازی تەواوە لە خزمەتگوزاریە سەرخان و ژێرخانیەکانی گەشتوگوزار، بە ئامانجی گەشەپێدان و پێشکەوتنی کەرتی گەشتوگوزار و بەدەستهێنانی زۆرترین سوودی ئابوری. (صدرالدین، 2023، ل111)، دواجاریش ناوچەی گەشتیاریەکان ئاوەدانکاری و بوژانەوەی ئابوری و کرانەوەی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە. (أمین، 2024، ل269). هەروەها گەشەپێدانی گەشتوگوزار بەشێکە لە پلانی پەرەپێدانی گشتگیر کە لەلایەن هەردوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتەوە دادەنرێت و هەریەکێکیان لەبەشێك لە پرۆژە گەشتیاریەکاندا بەشدار دەبن، حکومەت خزمەتگوزاریەکانی ژێرخان دابین دەکات وەکو تۆڕەکانی ئاو و کارەبا و...هتد، کەرتی تایبەتیش خزمەتگوزاریەکانی سەرخان دابین دەکات وەکو چێشتخانە و شوێنەکانی مانەوە و ئوتێلەکان و...هتد. (خضير، 2012، ص172). کەواتە گەشەپێدانی گەشتیاری هۆکارێکە بۆ پەرەپیدانی ژێرخانی ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و...هتد، بەدیهێنانی خواستەکانی گەشتیار.

4. **سیستەمی زانیاری جوگرافی: (GIS)** کورتکراوەی سیستەمی زانیاری جوگرافییە، کە سیستەمێکە بەکاردێت بۆ پیشاندان و شیکارکردن و بەڕێوەبردن و پیشاندانی داتا جوگرافییەکان. بەگشتی ئەم سیستەمە یارمەتی بەکارهێنەرانی دەدات بۆ گەڕان بەدوای زانیاری دەربارەی شوێنێکی دیاریکراو و شیکار و لێکدانەوەی زانیاریە شوێنییەکان و ئاڵوگۆڕی داتاکان و دروستکردنی نەخشە و هێڵکاری و ڕاپۆرت. سیستەمی زانیاری جوگرافی یارمەتی بەکارهێنەرانی دەدات بۆ وەرگرتنی وەڵامی پرسیارەکانیان و چارەسەرکردنی کێشەکان لەڕێگەی پیشاندانی داتاکانەوە بە شێوەیەکی سادە وساکار(URL:1).

ئەگەرچی دروستکردنی نەخشە بنەڕەتییە لە (GIS) دا، لەهەمانکاتدا سیستەمی زانیاری جوگرافی چەندین کاری تری گرنگ دەکات، لەوانە: بەڕێوەبردنی داتا، پیشاندانی زانیارییەکان، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە، هەروەها هەماهەنگی کردن و پەیوەندیکردن.

بەدرێژایی مێژوو چەندین کەس و لایەن هاوکاربوون لە پەرەپێدانی سیستەمی زانیاری جوگرافی بۆ گەیشتن بەم ئاستەی ئەمڕۆ، بەڵام ئەوە یەکلایی بۆتەوە کە جوگرافیناس (ڕۆجێر تۆملینسۆن) لە ساڵی 1963 دەستەواژەی (GIS)ی داناوە و لە ئێستادا ناوبراو بە باوکی سیستەمی زانیاری جوگرافی ناسراوە(URL:2).

سیستەمی زانیاری جوگرافی لە سێکتەری گەشتوگوزاردا چەندین بواری بەکارهێنانی هەیە. ئەم سیستەمە دەرفەتی گەورە دەڕەخسێنێت بۆ پەرەپێدانی بەرنامە گەشتیارییە مۆدێرنەکان لەڕێگەی نەخشە دیجیتاڵی و چاپکراوەکانەوە. هەروەها درووستکردنی داتابەیسی تایبەت بە شوێنە گەشتیارییەکان و پرۆگرامەکانی تایبەت بە پرسیارکردن و وەڵامدانەوە و ڕێبەریی گەشتیاران ڕۆڵێکی تری ئەم سیستەمەیە. ( Verka Jovanovic et al, 2008).

## باسی دووەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:

چەمچەماڵ یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی، بەشێکە لە باکوری خۆرهەڵاتی عێراق، کەوتوەتە باشوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باشوری خۆرئاوای پارێزگای سلێمانی (مصطفی، 2012، ص5)، بە سنوری سروشتی جیاکەرەوەی ناوچەی شاخاوی و ناوچەی نیمچە شاخاوی دادەنرێت و لە چوارچێوەی ناوچەی نیمچە شاخاوی دایە، سنورە سروشتیەکەی لە خۆرهەڵاتەوە زنجیرە چیاکانی(قەرەداغ و سەگرمە و هەنجیرە و قشلاخ)ە. لە باکورەوە زێی بچوك و لە باکوری خۆرئاوا چیای خاڵخاڵان و لە خۆرئاواوە بانی مەقان، لە باشورەوە (ڕووباری ئاوەسپی)یە (امین، 2012، ص7)، سنورە مرۆیەکەی لە خۆرهەڵاتەوە پارێزگای سلێمانی لە خۆرئاواوە پارێزگای کەرکوك، لە باکورەوە پارێزگای هەولێرو قەزای کۆیەو دوکانە و بەهۆی زێی بچوکەوە لە قەزای دوکان و کۆیە دابڕاوە، لە باشورەوە قەزای کەلار و کفری لە ئیدارەی گەرمیان (صالح، 2015، ل7)، بڕوانە نەخشەی (1)

شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (51: 55. 34-49: 53: 35) باکور و هێڵەکانی درێژی (52: 37: 44- 08: 26: 45) خۆرهەڵات، بڕوانە نەخشەی (2)

(قەزای چەمچەماڵ لەڕووی کارگێڕی)یەوە سەربە پارێزگای سلێمانیە و شاری چەمچەماڵ سەنتەری ئیدارەکەیەتی (غەفوور، 2008، ل88)، جگەلە ناحیەی سەنتەر لە (شەش) ناحیە و (324) گوند پێکدێت، سنوورە کارگێڕیەکەی بەم شێوەیە: لە باکورەوە سنووری هاوبەشی هەیە لەگەڵ ناحیەی تەقتەق سەربە قەزای کۆیە بە درێژایی (47.5)کم، لە باشورەوە لەگەڵ ناحیەی پێبازی سەربە قەزای کەلار بە درێژایی (25)کم، لە باشوری خۆرئاواوە قەزای داقوقە بە درێژایی (64.3)کم، لە خۆرهەڵاتەوە قەزای(قەرەداغ و ناحیەی بازیان و ناحیەی سورداش) بە درێژایی (37کم و 41کم و 12کم)و لە خۆرئاواوە ناحیەکانی (شوان و لەیلان)ە بە درێژایی (49کم و 16کم)، کۆی ڕووبەری قەزاکە خۆیدەدات لە (3420.8)کم2. بڕوانە خشتەی (1). نزیکەی (45)کم لە پارێزگای کەرکوك و (65)کم لە پارێزگای سلێمانیەوە دوورە (عزالدین، 2017، ل4).

خشتەی (1)، ڕووبەری یەکە کارگێڕیەکانی قەزای چەمچەماڵ بە کم2


| یەکە کارگێڕیەکان | ڕووبەر بە کم2 |
|---|---|
| سەنتەر | 273.9 |
| شۆڕش | 339.2 |
| سەنگاو | 859.7 |
| تەکیەی کاکەمەند | 271.3 |
| ئاغجەلەر | 624.6 |
| قادرکەرەم | 831.8 |
| تەکیەی جەباری | 220.3 |
| کۆی ڕووبەری قەزا | 3420.8 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چەمچەماڵ، بەشی زەوی وزار، زانیاری دەربارەی یەکە نشینگە مرۆیەکانی قەزای چەمچەماڵ بۆساڵی (2024) داتای بڵاونەکراوە.


2. ڕووبەرەکان بە بەرنامەی Arc Gis10.3 دەرکراوە.

نەخشەی (1)، شوێنی قەزای چەمچەماڵ بە گوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە بەرنامەی ArcGIS 10.3

نەخشەی (2)، قەزای چەمچەماڵ بە گوێرەی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی




سەرچاوە: کاری توێژەر: پشت بەست بە بەرنامەی ArcGIS 10.3

# باسی دووەم

## تەوەری یەکەم:

**یەکەم: ئەنفال:** ئەنفال، چەمکێکی قورئانیە و ناوی سورەتێکی قورئانی پیرۆزە و (هەشت)ەم سورەتە لە قورئاندا. ( Hashim, , 2020, p77)، لەرووی زمانەوانیەوە، (الأنفال) لەکۆی وشەی (نفل)ەوە هاتووە بەواتەی دەسکەوت (غەنیمە) دێت، جا دەسکەوتێك بە جەنگ بەدەستهاتبێت یان بەبێ جەنگ یاخود بە شتومەك و دەسکەوت و ماڵی زیادەی دەست بەسەرداگیراوی دوای جەنگ دێت. (سلیمان، 2010، ص11)، وشەی ئەنفال بە دوو شێوە لە قورئاندا هاتووە: (الانفال، النفیلە) و (چوار) جار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە (احمد، 2022، ص397). ڕژێمی عێراق لەرووی ئاینییەوە بۆ شەرعیەتدان(ڕەوایەتیدان) و پاساودانی جینۆسایدی کورد و ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال سوودی لە وشەی (الأنفال)ی قورئانی پیرۆز وەرگرتووە.

ئەنفال بە دڵرەقترین و ترسناکترین تاوانی سەدەی بیستەم پێناسە دەکرێت بە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی پلان بۆدارێژراوی پێشوەختە بە بەرنامە و ستراتیژێکی چڕ بەمەبەستی جینۆساید کردنی گەلی کورد و چۆڵکردن و خاپورکردنی گوند و ناوچە کوردیەکان، بە ئامانجی گۆڕینی بواری جوگرافی و دیمۆگرافی و کەلتوری و وێرانکردنی ژێرخانی ئابوری و لەناوبردنی جەستەیی. پرۆسەکە لە ڕێکەوتی (1988/2/23) دەستی پێکرد و لە (1988/9/6) کۆتایی پێهات، لەو ماوەیەدا هەزاران هاوڵاتی سڤیلی بێ چەك لەناویاندا ژن و منداڵ و گەنج و پیر شوێنبزرکران و بوون بە قوربانی، لەگەڵ وێرانکردن و رووخاندنی هەزاران گوند و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و مزگەوت و کڵێسا. شاڵاوەکانی ئەنفال لەلایەن سوپایەکی دڕندە بە هەموو چەك وکەرەستەیەکی سەربازی ئەنجامدرا، بە پاڵپشتی فرۆکەی جەنگی و بە بەکارهێنانی چەکی کوشندە (گازی کیمیاوی) کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا قەدەکرابوو. (سلیمان، 2010، ص50)، هەروەها ئەنفال ئاماژەیە بۆ کۆی ئەو پەلامارە سەربازیانەی کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە دژی دانیشتوانی سڤیلی کوردی (هەرێمی کوردستان)، لە نێوان ساڵانی (1987 بۆ 1989)، بە دیاریکراوی ساڵی (1988). (Osman, 2014, p16). لەلایەن (عەلی حەسەن مەجید) فەرماندەی گشتی پرۆسەی ئەنفال و بەرپرسی ئەوددەمەی نووسینگەی باکوری حزبی بەعس کە ئەوکات بارەگاکەی لە شاری کەرکوك بوو لە شەش ناوچەی جوگرافی جیاوازدا بە (هەشت) قۆناغ لەماوەی کەمتر لە (حەوت) مانگدا پرۆسەکە ئەنجامدرا. وێرای خاپورکردنی ئەو ناوچانە زیانێکی گەورەی مرۆییشی لێ کەوتەوە. (عومەر، مەهدی فاتیح، 2019، ل9). هەروەها ئەنفال گوزارشتکردنە لە مردن و سوکایەتیکردن بە مرۆڤ، بەرزترین پلەی ڕاسیزم و جینۆسایدە. کۆیلەکردنی مرۆڤە لەلایەن مرۆڤەوە، لەناوبردنی ژینگە و ژیانە و سوتاندنی هەموو ئومێد و ئاواتێکە. ئەنفال (یوم القیامە)ی ئەم دونیایە باسی دۆزەخ و سوتاندنە، وێنەیەکی ترە لە تراژیدیا. (عبدالمجید و صدرالدین، 2023)، ل222). خشتەی (2)، زەرەر و زیانەکانی ئەنفال.

**خشتەی (2)، خەمڵاندنی زیانەکانی هەشت قۆناغەکەی ئەنفال لە ساڵی (1988)**

| زیانەکان | قەزا | ناحیە | گوند | مزگەوت | کڵێسا | بنکەی تەندروستی | قوتابخانە | زیانی مرۆیی(گیانی) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بە ژمارە | 4 | 30 | 4732 | 3100 | 100 | 271 | 1757 | 182000 کەس |

سەرچاوە: توێژەر پشت بەست بە:

1. گوڵ، عمر مارف، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتیدا، لە بلاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپی چوارەم، هەولێر، 2007، ل48.
2. حسێن، ئاوارە، جینۆسایدی گەلی کورد لەروانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2017، ل164

## دووەم: قۆناغەکانی ئەنفال:

مەبەست لەم باسە دابەشبوونی جوگرافی قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفالە بەسەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستانداو هەروەك پرۆسەی ئەنفال پرۆسەیەکی گشتگیری بەرنامە بۆدارێژراو بوو بەشی زۆری جوگرافیایی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە. وەك لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکەین:

**1. ئەنفالی یەك:** ئەم قۆناغە لە ماوەی نێوان (1988/2/21 تاوەکو 1988/3/19)ی خایاند، سنوری جوگرافیای ئەنفالی یەك ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی گرتەوە، لە ناوچەکانی (دوکان، بنگرد، سورداش، چوارتا، بەرزنجە، کارێزە) پێکهاتبوو. (فەرەج، 2022، ل165)، ئامانجی سەرەکی لەم پرۆسەیەدا وێرانکردنی گوندەکانی دۆڵی جافایەتی و داگیرکردنی بارەگای سەرکردایەتی (ی.ن ك) بوو. هەروەها بەدرێژایی ماوەی ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفالی یەك، جگەلە هێزی زەمینی فرۆکە و چەکی کیمیایی بەکارهات بەوهۆیەشەوە نزیکەی (600)کەس لە پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل بوونە قوربانی و شەهید بوون، ژمارەیەکی تر لە خەڵکی ناوچەکە و پێشمەرگە بەناوی لێبوردنی گشتیەوە بەر پرۆسەی ئەنفال کەوتن و شوێن بزرکران.(سلێمان، 2012، ل111)، لەم پرۆسەیەدا لە کۆی دوو قەزا (164) ناوەندی شارۆچکە و ناحیە و گوند بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، بەم شێوەیە: قەزای دوکان: ناحیەکانی (سورداش (77)گوند، بنگرد (50)گوند. قەزای چوارتا: ناحیەکانی (بەرزنجە (17)گوند، کارێزە (20)گوند). (محمد، 2003، ل88).

**2. ئەنفالی دوو:** ناوچەکانی قەرەداغی گرتەوە لە ماوەی نێوان (3/22 تاوەکو 4/1)ی خایاند، بە کیمیابارانکردنی گوندی سێوسێنان دەستی پێکرد و ناوچەکانی (سەنتەری قەزای سلێمانی، قەرەداغ، بازیان، دەربەندیخان). بەر پرۆسەی ئەنفالی دوو کەوتن، (شێخ حەسەن، 2017،

ل156)، هەریەك لە گوندەكانی (دوكان، سێوسێنان، تەكیە، بەلەكجار، جافەران) بەر هێرشی كیمیایی كەوتن لە ئەنجامدا زیاد لە (78) كەس شەهید بوون و نزیكەی (200)كەس بریندار بوون. (شەریف، 2018، ل171)، ڕژێمی بەعس لە ڕێكەوتی (1988/4/1) كۆتایی بە پرۆسەكە هێنا. لە كۆی گشتی (258)گوند و شار، بە تەنها لە سەنتەری پارێزگای سلێمانی، هەریەك لە ناحیەكانی (تانجەرۆ بە (93)گوند، سەرچنار بە (19)گوند، قەرەداغ بە (50گوند، بازیان بە (55)گوند و بە تەنها لە قەزای دەربەندیخان و سەنتەری قەزا (12)گوند و زەڕایەن بە (29) گوند بە توندی بەر شاڵاوی ئەنفالی دوو كەوتن و زەرەرو زیانێكی گیانی مادی لێكەوتەوە. (عبداللە، 2008، ل94).


**3. ئەنفالی سێ**: مەبەست لە ئەنفالی سێ، ناوچە و گوندەكانی گەرمیان دەگرێتەوە: وەك (دووزخورماتوو، قەرەحەسەن، قادركەرەم، جەباری، كفری، كەلار، پێباز، تیلەكۆ، دەربەندیخان، سەنگاو، چەمچەماڵ، تەكیەی كاكەمەند)، كە لە ماوەی نێوان (4/7 بۆ 1988/4/20) بە قورسی بەر شاڵاوی ئەنفال كەوتن و زیانێكی زۆری ماددی و مەعنەوی بەر دانیشتوانی نزیكەی (516) گوند و چەند قەزاو ناحیەیەك گەیاند، لە پرۆسەكەدا ژمارەیەكی زۆری دانیشتوانی گەرمیان شوێنبزر كران، ئامارەكان پێمان دەڵێن لە ئەنفالی سێدا، (43841)كەس ئەنفالكران، (عەلی، 2021، ل113). سنوری قۆناغی ئەنفالی سێ لە باكورەوە قەزای چەمچەماڵە بە زنجیرە چیاكانی سەگرمەدا دەست پێدەكات و بە ناحیەی تەكیەی كاكەمەند و هێڵی ڕێگای سەرەكی (كەركوك-چەمچەماڵ) تێپەڕ دەبێت، لە باشورەوە لە قەزای كفریەوە دەست پێدەگات تا دەگاتە قەزای كەلار، هەرچی خۆرهەڵاتە ڕێگای سەرەكی نێوان (كەلار-پێباز-دەربەندیخان) كەناری ڕووباری سیروان دەگرێتەوە تا زنجیرە چیای قەرەداخ، لە خۆرئاواوە لە كەركوكەوە دەستپێدەكات تا دەگاتە دووزخورماتوو. نەخشەی (3). ڕووبەری ناوچەكە دەگاتە (6597)كم2، ڕێژەی (7.9%) كۆی ڕووبەری هەرێمی كوردستانی عێراق پێكدەهێنێت. (كەریم، 2015، ل39).

**4. ئەنفالی چوار**: ئەم قۆناغە لە ڕێكەوتی (5/3 تاوەكو 1988/5/15)ی خایاند، لە هەریەك ناوچەكانی (ئاغجەلەر، شوان، پردێ، تەقتەق، شێخ بزێنی سەرو، شێخ بزێنی خوارو، چەند گوندێكی دۆڵی سورداش و دوكان...هتد) ئەنجامدرا، خشتەی (4)، نزیكەی (10)هەزار كەس بەرشاڵاوی ئەنفال كەوتن و (7)هەزار كەسیان لە بیابانەكانی ناوەڕاست و باشوری عێراق شوێنبزركران. (مەلا شاخی، 2007، ل19). هەردوو بەری ڕاست و چەپی زێی بچوك، كە بەشێك لە یەكە كارگێرییەكانی قەزاكانی (چەمچەماڵ، ناوەندی كەركوك، دوبز، دوكان، كۆیە)ی گرتەوە، كە ڕووبەرەكەی دەگاتە (3985)كم2. تیایدا (267) گوند وێرانكرا و (حەمەدئەمین، 2019، ل110). هەرلەو كاتەدا ڕژێمی عێراق گوندەكانی (گۆپتەپە، عەسكەر)ی بە چەكی كیمیایی بۆمباران كرد. بەتەنها لە گۆپتەپەی سەر زێ (100)كەس لەژێركاریگەری گازی كیمیایی شەهید بوون و نزیكەی (200)كەس بریندداری چەكی كیمیایی بوون. (Mohammed, 2018, p37).

**5. ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت:** ئەم قۆناغە ناوچە سەختەكانی دۆڵ و چیاكانی شەقڵاوە و ڕەواندزی لە پارێزگای هەولێری گرتەوە لە ڕێكەوتی (5/15 تاوەكو 1988/8/26)ی خایاند، سەرەتا لە دۆڵی بالیسانەوە دەستی پێكرد. (Abid, 2019, P34). جوگرافیای ناوچەكانی (باكوری قەزای ڕانیە، سەنتەری پارێزگای هەولێر، قەزاكانی كۆیە، شەقڵاوە، سۆران، مەخمور، مێرگەسور)ی بەچڕی بەر شاڵاوەكە كەوتن. (محمد، 2003، ل90). ئەم قۆناغانە لەبەرامبەر قۆناغەكانی تری شاڵاوەكانی ئەنفالدا ماوەكەی درێژتر بوو، سێ مانگی خایاند، بە هۆی سروشتی سەختی جوگرافیای ناوچەكەو ئاڵۆزیو ناوچە شاخاویەكانی و بەرگری هێزەكانی پێشمەرگە، ئەم قۆناغانەی ئەنفال ماوەی زیاتر لە سێ مانگی خایاند. (Watch, 1993, P192).

**6. ئەنفالی هەشتەم و كۆتایی:** بە دواهەمین قۆناغی ئەنفال دادەنرێت، لە ڕێكەوتی (1988/8/25 تاوەكو 1988/9/6)، جوگرافیای ئەم قۆناغە دەڤەری بادینانی گرتەوە، كە پێگەیەكی جیۆستراتیژی هەیە هەرسێ وڵاتی عێراق و ئێران و توركیا پێكەوە گرێدەدات (حاجی، 2019، ل221)، پاش ئەوەی ڕۆژی 25ی ئاب ڕۆژانی دوایی تەواوی ناوچەكانی بناری شاخی گارەی دەڤەری بادینانی بەخەستی بە چەكی كیمیایی بۆمباران كرد، ڕۆژی 31ی ئاب لە دوا بەرنامەی ئەنفالدا ڕژێم هێرشی كردە سەر ناوچەكانی (دهۆك، ئامێدی، ئاكرێ، شێخان، زاخۆ، باتوفە، كانی ماسێ، دێرەلوك، ئەتروش، زاوێتە ) لە ئامێدی و لە ئاكرێ و لە شێخان و لە زاخۆ، لە دهۆك نزیكەی (450)گوند ئەنفال و تاڵان كران و خانووەكانیان لەگەڵ زەویدا تەخت كرا. (محەمەد، 2013، ل176).

**نەخشەی(3)، جوگرافیای هەشت قۆناغەکەی شاڵاوەکانی ئەنفال لە ساڵی (1988)**




سەرچاوە: جوهەر، یاسین ئاشور، حەسەن، دەشتی ئەحمەد، شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(10)، خولی(1)، پوشپەڕی 2023، ل223

## باسی دووەم: دابەشبوونی جوگرافی گەشتوگوزاری تاریك لە ناوچەی توێژینەوە

ناوچەی توێژینەوە بەهۆی ئەوەی بە توندی ڕووبەڕووی شاڵاوی ئەنفال بوەتەوە لە ساڵی(1988)، لە کۆی (هەشت)قۆناغەکەی ئەنفال، هەردوو قۆناغی (سێ و چوار) لە ناوچەی توێژینەوەدا جێبەجێکراو. هەروەك لە ئەنفالی (چوار)دا نزیکەی (157)گوندی ناوچەی توێژینەوە کە بەم شێوەیە دابەشبووە بەسەر ناوچەکانی (ئاغجەلەر (96)گوند و شوان (61)گوند). هەروەها قەزاکە لە ئەنفالی سێدا (168)گوند، کە هەریەك لە ناوچەکانی (قادرکەرەم بە (75)گوند و سەنگاو (93)گوند). لەگەڵ زەویدا تەختکرا و بە دەیان هەزار کەس لە دانیشتوانەکەی ئەنفال و بێ سەروشوێن کران. (طالب و صدرالدین، 2023، ل20-33).

دەرەنجامی پرۆسە شوومەکەی ئەنفال، کاریکی وایکرد ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی قەزای چەمچەماڵ بە گوند و ناحیەکانییەوە لە پرۆسەی ئەنفالدا شوێن بزربێت و بەشێك بێت لەو (182)هەزار کەسەی کورد کە بە دەستی ڕژێمی بەعسی عێراقی ئەنفال کران. هەروەك لەدوای ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، بەشێك لە خەڵکی ناوچەکە بۆ لەیاد نەکردنی ئازیزانیان هەڵسان بە دروستکردنی مۆنۆمێنت و گۆڕستان و دیواربەند. هەربۆیە ناوچەکە چەندین پێگە و شوێنی گەشتوگوزاری تاریکی لەخۆگرتوە لەوانە: (مۆنۆمێنتی ئەنفال، گۆڕستانی شەهیدانی کیمیابارانی گۆپتەپە، گۆڕستانی شەهیدانی کیمیابارانی عەسکەر، مۆنۆمێنتی بابەڕووشە لە جەلەمۆرد، دیواربەندی وێلە، دیواربەندی قەیتول، دیواربەندی قادرکەرەم، دیواربەندی قەشقە). خشتەی (3)

**خشتەی (3)، دابەشبوونی جوگرافی پێگەکانی گەشتوگوزاری تاریك لە ناوچەی توێژینەوە.**


| پێگەکانی گەشتوگوزاری تاریك لەناوچەی توێژینەوە | شوێنی ئەسترۆنۆمی | شوێنی کارگێڕی | دووری لە سەنتەری چەمچەماڵ بە کم |
| --- | --- | --- | --- |
| مۆنۆمێنتی ئەنفال | بازنەکانی پانی (35.520093)باکور<br>هێڵەکانی درێژی (44.813914)ڕۆژهەڵات | سەنتەری قەزای چەمچەماڵ | 5کم |
| گۆڕستانی شەهیدانی کیمیابارانی گۆپتەپە | بازنەکانی پانی (35.846608)باکور<br>هێڵەکانی درێژی (44.831827)ڕۆژهەڵات | ناحیەی ئاغجەلەر | 51کم |
| گۆڕستانی شەهیدانی کیمیابارانی عەسکەر | بازنەکانی پانی (35.832618)باکور<br>هێڵەکانی درێژی (44.913534)ڕۆژهەڵات | ناحیەی ئاغجەلەر | 55کم |
| مۆنۆمێنتی بابەڕووشە لە جەلەمۆرد | بازنەکانی پانی (35. 803888)باکور<br>هێڵەکانی درێژی (44.691931)ڕۆژهەڵات | ناحیەی ئاغجەلەر | 72کم |
| دیواربەندی قاردکەرەم | بازنەکانی پانی (35.200075)باکور<br>هێڵەکانی درێژی (44.889855)ڕۆژهەڵات | سەنتەری ناحیەی قادرکەرەم | 54کم |
| دیواربەندی قەیتول | بازنەکانی پانی (35.290712)باکور<br>هێڵەکانی درێژی (45.024927)ڕۆژهەڵات | ناحیەی قادرکەرەم | 68کم |
| دیواربەندی قەشقە | بازنەکانی پانی (35.268929)باکور<br>هێڵەکانی درێژی (44.877462)ڕۆژهەڵات | ناحیەی قادرکەرەم | 57کم |
| دیواربەندی وێڵە | بازنەکانی پانی (35.284191)باکور<br>هێڵەکانی درێژی (44.894166)ڕۆژهەڵات | ناحیەی قادرکەرەم | 60کم |
| دیواربەندی دێرەشە | بازنەکانی پانی (35.355029)باکور<br>هێڵەکانی درێژی (44.985648)ڕۆژهەڵات | ناحیەی سەنگاو | 42کم |
| دیواربەندی حەسەن کەنۆشی سەروو | بازنەکانی پانی (35.178634)باکور<br>هێڵەکانی درێژی (45.176166)ڕۆژهەڵات | ناحیەی سەنگاو | 70کم |

سەرچاوە: توێژەر پشت بەست:

1. سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەکە لە ڕێکەوتی (2025/3/27).
2. نەبەز قادر و شوان فارووق، شارەدێی ئاغجەلەر و گوندەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاندا، سلێمانی، 2023، ل144-290

**گۆڕستانی شەهیدانی گۆپتەپە**





گۆرستانی شەهیدانی عەسکەر



دیواربەندی بابەڕووشە لە جەلەمۆرد






دیوار بەندی گوندی قشقە



دواربەندی گوندی وێڵە




دیواربەندی قادرکەرەم




دیواربەندی قەیتول



| دیواربەندی دێڕەشە | دیواربەندی حەسەن کەنۆشی سەروو |
|---|---|
|  |  |

**نەخشەی (4) نەخشەی دابەشبوونی گەشتوگوزاری تاریك لە ناوچەی توێژینەوە**




سەرچاوە: کاری توێژەر: پشت بەست بە بەرنامەی ArcGIS 10.3

## باسی سێیەم

### تەوەری یەکەم: مۆنۆمێنتی ئەنفال و بەشەکانی مۆنۆمێنت.


مۆنۆمێنتی ئەنفال؛ فەرمانگەیەکی حکومی کەلتوری و مێژووییە، لە رێکەوتی (2012/9/9) بە فەرمی وەك بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی کراوەتەوە. بەشێکە لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. گرنگی دەدات بە دۆسیەی ئەنفال و تاوانەکانی دیکەی جینۆسایدی دژ بە گەلی کورد. دەکەوێتە بناری مەقان لە سەنتەری قەزای چەمچەماڵ، شوێنی ئەسترۆنۆمیەکەی دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (35.520093)ی باکور و هێڵەکانی درێژی (44.813914)ی خۆرهەڵات، نەخشەی (5). لەسەر ڕووبەری (48) دۆنم زەوی دروست کراوە و ڕووبەری بینای مۆنۆمێنتەکە (چوار)هەزار مەترە. ڕووبەری سەوزاییەکەی زیاتر لە (15)هەزار مەترە. (86) فەرمانبەری هەیە کە سەرجەمیان کەس و کاری ئەنفالن. مۆنۆمێنتەکە هەموو رۆژانێکی هەفتە کراوەیە و (24)کاتژمێر پێشوازی لە میوانانی ناوخۆیی و بیانی دەکات. هەتا ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە دەیان شاندی جیاجیا سەردانیان کردووە و لەم بەشانەی خوارە پێکدێت (بەشی مۆزەخانە، کە پێکهاتووە لە سێ هۆڵ، یەکەم: هۆڵی مۆزەخانەی قوربانیانی ئەنفال، کە سەرجەمی وێنە و زانیارییەکانی ناو مۆزەخانەکە تایبەتن بە تاوانی ئەنفال و بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) لەسەر دیوارەکان هەڵواسراون. ناوی زیاتر لە (23)هەزار ئەنفالکراوی سەرجەم ناوچەکانی کوردستانی تێدا تۆمارکراوە. گۆڕێکی بە کۆمەڵ هونەری هاوشێوەی ئەو گۆڕانەی ئەنفالکراوانیان تێدا شەهید کراوەن نمایشکراوە. پێناسە(هەویە)ی قوربانیانی ئەنفال و وێنەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی تێدا هەڵواسراوە. دووەم: هۆڵی مۆزەخانەی پێشمەرگە شەهیدەکانی جەنگی دژی داعش. کە وێنە و کەل و پەل و جلوبەرگی کاتی شەهیدبوونی زۆرینەی پێشمەرگە شەهیدەکانی شەڕی گروپی تیرۆرستی داعشی تێدا نمایشکراوە. هەروەها پێناسەی داعش و وێنەی تاوانکارییەکانی داعشی تێدا نمایشکراوە. سێیەم: هۆڵی مۆزەخانەی ئامێر و ئۆتۆمبێلی سەربازی. کە بەشێك لەو چەك و کەلوپەلە سەربازییانەی تێدا نمایشکراوە کە لە ساڵی (1988)دا تاوانی ئەنفالی پێ ئەنجامدراوە و لەگەڵ چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازی رژێمی بەعس، کە لە پرۆسەی ئەنفالدا بەکارهێنراوەن. کتێبخانە، کە (هەزاران) کتێب و ناونیشانی جۆراوجۆری تێدایە و بەشی زۆری کتێبەکانی تایبەتن بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد. ئەرشیف و دۆکیۆمێنت، تایبەتە بە ئەرشیفکردن و دۆکیۆمێنت کردنی بەڵگەنامە و نووسراوەکانی سەردەمی بەعس و کەرەستەکانی ناو مۆنۆمێنتەکە. ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان، باخچەکان، هونەری). (مۆنۆمێنتی ئەنفال، 2022، ل9-12).

مۆنۆمێنتەکە گۆڕستانێکی تایبەت بە ڕوفاتی ئەنفالکراوانی ناوچەکەی تێدایە تاوەکو ئێستا (1010) گۆڕی تێدایە، هەروەها لۆگۆیەکی تایبەت بەخۆی هەیە کە بەرزیەکەی (14)مەترە و پانییەکەی (4)م، وەك هێمایەك بۆ (4/14) کە تەنها لەو ڕۆژەدا (20)هەزار کەس ئەنفالکراوان و لەهەمانکاتدا ئاماژەیە بۆ ساڵیادی ئەنفال، لۆگۆکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی سەرەوەی دایکێکە منداڵێکی لە باوەشدایە. ئەمەش گوزارشتە لە چیرۆکی ڕاستەقینەی شاڵاوەکانی ئەنفال لە گرتووخانەکانی توپزاوای خوارووی کەرکوك، لەکاتی جیاکردنەوەی ژن و پیاو و منداڵەکان کە سەربازە عێراقیەکان دەیانەوێت بەزۆر منداڵەکە لە باوەشی دایکی وەربگرن و ببێت بە خۆراکی سەگەکانی گرتووخانەکە. بەشی خوارەوەی لۆگۆکە بریتییە لە سێگۆشەیەك کە دوو واتای هەیە، یەکەم: لە شێوەی ژمارە(8)دایە و ئاماژەیە بۆ هەشت قۆناغەکەی ئەنفال. دووەم: بە واتای نەخشەی سەربازی تاوانی ئەنفال دێت، کە لە شێوەی سێگۆشەدایە، ئەمە جگەلەوەی هۆڵی کۆبوونەوە و کۆنفرانس: کە هۆڵی کۆنفرانسی مۆنۆمێنتی ئەنفال، یەکێکە لە گەورەترین هۆڵەکانی هەرێمی کوردستان، کە تاوەکو ئێستا چەندین کۆبوونەوە و کۆنفرانسی تێدا ئەنجامدراوە بەتایبەت لەسەر پرسی جینۆسایدی گەلی کورد. هەروەها (935)کورسی تێدایە، لەگەڵ (20) ئامێری وەرگێڕان بۆ میوانانی بیانی، کە دەتوانێت وەرگێڕان بۆ (7) زمانی جیاوازی جیهانی بکات. جەگەلە چەندین هۆڵی تر بە قەبارەی جیاواز. (ڕێبەری مۆنۆمێنتی ئەنفال. 2024، 12-16).

لۆگۆی مۆنۆمێنتی ئەنفال








سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان و ئەنفالی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی مۆنۆمێنتی ئەنفال، بەشی ئەرشیف بۆ ساڵی 2025.

نەخشەی (5)، شوێنی مۆنۆمێنتی ئەنفال بە گوێرەی مانگە دەستکردەکان




سەرچاوە: کاری توێژەر: پشت بەست بە: بەرنامەی (ArcGIS 10.3 و Google Earth)

## باسی دووەم: گەشەپێدانی مۆنۆمێنتی ئەنفال بە مۆدێلی (SWOT).

لێرەدا هەوڵدەدەین بۆ چۆنیەتی پەرەپێدان و گەشەپێدانی ناوچەکە سوود لە یەکێك لە ئامرازەکانی شیکارکردن وەربگرین، کە ئەویش ئامرازی (SWOT)ە و شیکردنەوە بۆ دیاریکردنی (خاڵە بەهێزەکان Strengths) و (خاڵە لاوازەکان Weaknesses)ی ناوچەکە دەکات و (دەرفەتەکان Opportunities) و (ڕێگریەکان Threats)یش دەخاتەڕوو. (Ahmadi, 2013, p54). شیکاری (SWOT) یەکێکە لەڕێگاکانی پلاندانانی ستراتیژی دەتوانین لەو ڕێگەیەوە قازانجە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی گەشتوگوزار دیاری بکات و ئامانجەکەکانی پرۆژە گەشتوگوزارییەکان بخاتەڕوو، هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیەکان، بە (ئەرێنی) و (نەرێنی) لە چوارچێوەی بەدەستهێنانی ئامانجەکاندا دەستنیشان بکات. گرنگی ئەم شێوازە شیکارکردنەی (SWOT) لەوەدایە دەکرێت بەسوود بێت بۆ نیشاندانی دەرفەتەکان کە پرۆژە گەشتیارییەکانی گەشە پێ بدرێت بەشێوەیەکی زۆرباش، لەگەڵ ئەوەشدا (SWOT) یارمەتیدەرە بۆ نەهێشتنی ڕێگری و مەترسیەکانی سەر پرۆژە گەشتیاریەکان. دەرەنجامەکانی شیکاری (SWOT)، لە ڕووی کرداری و پراکتیکیەوە سادە و ساکارە لە جێ بە جێکردن و تێگەیشتنیان ئاسانە (Hajani, 2009, p59) هەروەها لە گەشەپێدانی شوێنە گەشتیاریەکاندا چوارچێوەیەك دروست دەکات بۆ گفتوگۆ و خستنەڕووی بۆچوونەکان تا ئامادەباشی تەواو بکرێت بۆ گەشەپێدانی توانستەکانی گەشتوگوزاری تاریك لە ناوچەی توێژینەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### یەکەم: خاڵە بەهێزەکان:

1. شوێنی جوگرافی کاریگەری هەیە لەسەر داواکاری گەشتیاری و فاکتەرێکی هاوبەشە لەسەر جموجۆڵی گەشتیاری لە هەردوو ژینگەی خستنەڕو و داواکاری گەشتیاریدا لەیەك کاتدا (ڕەشید، 2007، ل105). لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە شوێنەکە نزیکتر بێت لە ناوچەی پێشوازی و بازاڕی گەشتیاری ئەوە بەشدار دەبێت لە ڕاکێشانی زۆرترین گەشتیار بەمەش بایەخە گەشتیاریەکەی زیاتر دەبێت. (طيب، سعيد صفي الدين، 2001، ص19). بەم پێیەش هەرچی سەربارەت بە مۆنۆمێنتی ئەنفالە ئەوا شوێنە جوگرافیەکەی پێگەیەکی گرنگی بە مۆنۆمێنتەکە بەخشیوە. چونکە کەوتووەتە بناری بەرزاییەکانی بانی مەقان و ڕاستەوخۆ لە سەر شارێگەی گشتی کەرکوك-سلێمانی، لەناو لە سەنتەری قەزای چەمچەماڵدا هەڵکەوتووە.
2. مۆنۆمێتەکە ڕووبەرێکی فراوانی هەیە بەشێوەیەك لەسەر ڕووبەری (48) دۆنم زەوی دروست کراوە و ڕووبەری بینای مۆنۆمێنتەکە (چوار)هەزار مەترە. هەروەها بوونی ڕووبەرێکی سەوزایی کە ڕووبەرەکەی زیاتر لە (15)هەزار مەتر.
3. بوونی چەندین بەشی گرنگی وەك مۆزەخانە و گۆڕستانی تایبەت بە ڕووفاتی ئەنفالکراوانی ناوچەکە و بوونی هۆڵێکی کۆنفرانسی گەورەی تایبەت بە کۆنفرانس و کۆڕ و سمینار، ئەمانە دەبنە فاکتەرێکی بەهێز لە توانستەکانی گەشتوگوزاری تاریك پێکدەهێنن بۆ مۆنۆمێنتی ئەنفال.
4. بەهۆی بوونی ئەو قوربانیە زۆرەی کە ناوچەکە لە پرۆسەی ئەنفالدا بەخۆیەوە بینی، بوونی مۆنۆمێنت دەتوانێت ببێت بە خاڵێکی بەهێزی پێکهێنانی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری تاریك لە ناوچەی توێژینەوە و شوێنێك بۆ پاراستنی قوربانی و مەینەتییەکانی ناوچەکە. ئەمە لەکاتێکدا ساڵانە لە (4/14)دا و مەراسیم و چالاکی تایبەت بە یادی جینۆسایدی ئەنفالی تێدا پێشکەش دەکرێت بە بەشداری میوانانی ناوخۆیی و بیانی.
5. جگەلە مۆزەخانەکانی تایبەت بە ئەنفال، بوونی مۆزەخانەیەکی تایبەت بە قوربانیانی شەڕی داعش، هۆکارێکە بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران و ئەو کەسانەی کە بیانەوێت ئاشنای تاوانەکانی داعش بن. هەروەك بوونی مۆزەخانەی تایبەت بە پیشاندانی کەرەستەتە سەربازییەکانی ڕژیمی بەعس و بوونی گۆڕستانێك کە ڕووفاتی (1010)کەسی تێدایە لە قوربانیانی ئەنفالی ناوچەکە. بە خاڵی بەهێزی ڕاکیشانی گەشتیار دادەنرێت بەتایبەت ئەو گەشتیارانەی ئارەزووی گەشتوگوزاری تاریك دەکەن.

### دووەم: خاڵە لاوازەکان:

1. نەبوونی شوێنی حەوانەوەیە لە ناوچەی توێژینەوە وەك: ئوتێل و موتێل و میوانخانە بۆ مانەوەی گەشتیاران لەناوچەی توێژینەوە.
2. لاوازی پروپاگەندە و ڕیکلام بۆ ناساندنی مۆنۆمینتی ئەنفال. بۆ دەرخستنی بایەخدان بە ڕیکلام و ڕاگەیاندنی گەشتیاری تایبەت بە گەشتوگوزاری تاریك لە ناوچەی توێژینەوە لەناویاندا مۆنۆمێنتی ئەنفال، لە کەناڵە جیاوازەکانی (بینراو، بیستراو، نووسراو، خوێنرا)، هەروەها پێویستە دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم لە نەخشە و ئەتڵەس و ڕێبەرە گەشتیاریەکانیاندا ئاماژە بە مۆنۆمێنتی ئەنفال بکەن لە قەزای چەمچەماڵ، پێویستە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بە تایبەت لە وەزارەتەکانی (پەروەردە و خوێندنی باڵا) لە بابەتی جینۆسایدا ئاماژە بە مۆنۆمینتی ئەنفال بکرێت لە قەزای چەمچەماڵ و بەشەکان و پێکهاتەکانی مۆنۆمێنت بە خوێندکاران بناسێنرێت.
3. نەبوونی تابلۆی ڕێنمایی لەسەر ڕێگاکانی هاتوچۆ، کە زانیاری دەربارەی ناوچەکانی گەشتوگوزاری تاریك لە ناوچەی توێژینەوە بخاتەڕوو.هەروەها ئاماژە بە ناو و شوێن و ئاڕاستە و دووری ناوچە گەشتیارییە تاریکەکان لەخۆ بگرێت، تاوەکو گەشتیاران بە ئاسانی بگەنە شوێنی مەبەستیان.
4. نەبوونی سەنتەرێکی تایبەت بە داتا و ئاماری سەردانیکەران و بەپێی (ژمارە و تەمەن) و جیاکردنەوەی داتای گەشتیارانی ناوخۆیی و بیانی، نەبوونی ڕاپرسی و لێکۆڵینەوەی زانستی پێویست سەبارەت بە چۆنیەتی سوود وەرگرتن لەلایەنی گەشتیاری مۆنۆمێنتی ئەنفال.
5. لاوازی وەبەرهێنانی گەشتیاری لەبواری گەشتوگوزاری تاریك و بە سوود وەرگرتن لە مۆنۆمێنتی ئەنفال، کە سیمای قوربانی ناوچەکە پیساندەدات لە پرۆسەکانی ئەنفالدا. هەروەك حکومەت و ڕێکخراوەکان تا ئێستا نەیان توانیوە هەماهەنگی دروست بکەن لەگەڵ ئەو لاتانەی

کە هاوشێوەی گەلی کورد خاوەن قوربانین و گرنگی بە گەشتوگوزاری تاریك دەدەن لە نموونەی ئەرمەن و جووەکان، بۆ ئەو مەبەستە پێویستە رایەڵەی پەیوەندی دروست بکرێت و سوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە وەربگیرێت لە چۆنیەتی گەشەپێدان و وەبەرهێنانی گەشتیاریاندا.

## سێیەم: دەرفەتەکان:

1. بایەخدان بە مۆزەخانە و پاراستنی پاشماوە و کەل و پەل و یادەوەریەکانی ئەنفالکراوانی ناوچەکە، بۆ ئەمەش داوا لە کەس و کاری ئەنفالکراوان بکرێت پاشماوەی قوربانیەکانیان پێشکەش بە مۆنۆمێنت بکەن.
2. ئەنجامدانی مەراسیمی گەورە و کۆڕو کۆنفرانس و کۆنگرە لە مۆنۆمێنتی ئەنفال لەلایەك بۆ ناساندنی ئاستی قوربانی و جینۆسایدی گەلی کورد و ناوچەکە، لەلایەکی ترەوە بۆ مەبەستی وەبەرهێنان لە بواری گەشتوگوزاری رەشدا.
3. دەتوانرێت پەیوەندی گەشتیاری دروست بکرێت لەنێوان سەیرانگای بانی مەقان و مۆنۆمێنتی ئەنفال بە کردنەوەی هێڵێکی تەلەفریکی مۆدێرن کە بەمەش بایەخی گەشتوگوزاری ناوچەکە زیاد دەکات، لەبەرئەوەی بەرزاییەکانی بانی مەقان نزیکە لە مۆنۆمێنی ئەنفال دەکرێت لەرێگەی هێڵی تەلەفریکەوە ئەم دوو شوێنە ببەسترێن بەیەکەوە چونکە مۆنۆمێنتی ئەنفالیش یەکێکە لە سیما گەشتیاریەکانی ناوچەکە و بەشێکە لە گەشتوگوزاری تاریك، دەرفەتێکیشە بۆ ناساندن و پیشاندانی خەبات و مێژوو و قوربانیدانی گەلی کورد و ناوچەی لێکۆڵینەوە بە گەشتیاران، ئەم پرۆژەیە لە داهاتوودا ناوبانگی گەشتیاری ناوچەکە زیاد دەکات. (صدرالدين، كاظم احمد، 2023، ل151).
4. پاراستن و هێنانەوەی رووفاتی ئەنفالکراوان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق و ناشتنیان لە مۆنۆمێنتی ئەنفال لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە مەراسیمی تایبەت و بە ئامادەبوونی بەرپرسان و کۆنسڵ و نوێنەری وڵاتان و نوێنەری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسایەتیە جیهانیەکان، بەمەش دەرفەت لەبەردەم ناوبانگی ناوچەی لێکۆڵینەوە و مۆنۆمێنتەکە لەبواری گەشتیاریدا زیاتر دەبێت و دەناسرێت.
5. وەبەرهێنان لە مۆنۆمێنتی ئەنفال و توانستە گەشتارییەکانی ناوچەکەدا، دەرفەت لەبەردەم گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای چەمچەماڵدا دەرەخسێنێت، بە تایبەت لەبواری گەشتوگوزاری تاریکدا.

## چوارەم: رێگرییەکان:

1. پەراوێزخستنی مۆنۆمێنتی ئەنفال لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەتایبەت لە کاتێکدا چەندین وەفد و میوانی بیانی دێتە کوردستان، ناهێنرێنە مۆنۆمێنتی ئەنفال و تا رێگرییەکانی بەردەم ناساندنی مەینەتیەکانی گەلی کورد لە رێگەی مۆنۆمێنتەوە بخرێت پێشچاوی وڵاتان و بەرپرسانی بیانی.
2. یەکلانەکردنەوە و نەهێنانەوەی بەشێکی زۆر لە رووفاتی ئەنفالکراوان لە باشوری عێراق، بە گرتنەبەری رێگەی زانستی بەتایبەت شیکاری (DNA)، بۆ ناسینەوەی رووفاتەکان، رێگرە لەبەردەم بایەخی مۆنۆمێنت وەك یەکێك لە توانستەکانی گەشتوگوزاری تاریك لە ناوچەی توێژینەوە.
3. نەبوونی ریکلام لە رێگەی ئامرازەکانی راگەیاندن و هۆکارەکانی سۆشیال میدیایا، رێگرە لە ناساندنی ناوچەکە وەك یەکێك لە توانستەکانی گەشتوگوزاری تاریك. هەروەها پێویستە کاتێك رووفاتی ئەنفالکراوان دەهێننەوە بۆ گۆڕستانی مۆنۆمێنت مەراسیمی تایبەتی بۆ رێکبخرێت بانگهێشتی میوانانی بیانی و کۆنسڵگەرییەکان و نوێنەری وڵاتان بکرێت تا لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو قوربانیانەبن کە بەسەر گەلی کورد و ناوچەکەدا هاتووە، ئەمە رۆڵ دەبینێت لە کەمکردنەوەی رێگرییەکان لە ناساندنی مۆنۆمێنتەکە وەك پێگەیەکی گرنگی گەشتوگوزاری تاریك و جینۆسایدی گەلی کورد لە سەر ئاستی دەرەوە.
4. یەکێك لە رێگرییەکانی بەردەم گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار نەبوونی پلانی ژێرخانی و دابینکردنی خزمەتگوزاریە سەرخان و ژێرخانیەکانی گەشتیاری لە نموونەی باخچە و پارك و کافتریا و ئوتێل و شوێنی مانەوە لە ناو مۆنۆمێنت و لەناو سەنتەری قەزای چەمچەماڵ.
5. نەبوونی وەبەرهێنانی گەشتیاری و بە بازاڕکردنی گەشتیاری لە کوردستاندا، رێگرە لە گەشەکردن و پەرەپێدانی گەشتوگوزاری تاریك لە کوردستان و لەناویاندا مۆنۆمێنتی ئەنفال.

## دەرئەنجام

1. ناوچەی توێژینەوە، بە ناوچەیەکی پڕ قوربانی و کارەساتبار دادەنرێت بەوپێیەی قەزاکە هەردوو قۆناغی شالاوەکانی ئەنفالی سێ و ئەنفالی چواری تێدا ڕوویداوە کە زیانێکی زۆری گیانی و ماددی بە ناوچەکە گەیاندوە.

2. ناوچەکە خاوەن کۆمەڵێك پێگەی گەشتوگوزاری تاریکە کە هەندێکیان لەلایەن خەڵکانی ناوچەکە کراونەتەوە. بە نموونە مۆنۆمێنت و دیواربەند و گۆڕستانەکانی کیمیاباران.

3. پێگەکانی گەشتوگوزاری تاریك لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەیان (10) پێگەیە و دابەشبوونی جوگرافی گەشتوگوزاری تاریك لەناوچەی توێژینەوەدا بەشێوەیەکی یەکسان دابەشنەبووە، هەرچەندە مۆنۆمێنتی ئەنفال دەکەوێتە (سەنتەری قەزای چەمچەماڵ) هەریەك لە ناحیەکانی (ئاغجەلەر) خاوەن (سێ) پێگە قادرکەرەم (چوار) پێگە و ناحیەی سەنگاو (2) پێگە. هەریەك لە ناحیەکانی (شۆڕش و تەکیەی جەباری و تەکیەی کاکەمەند) هیچ پێگەیەکی گەتوگوزاریان تێدانییە.

4. بوونی مۆنۆمێنتی ئەنفال، فاکتەرێکی گرنگە بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزاری تاریك نەك تەنها لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە بەڵکو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

ڕاسپاردەکان:

1. جووت سایدکردن و فراوانکردنی ڕێگا لاوەکیە تاك سایدەکانی یەکە ئیداریەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە وەك ڕێگاکانی (چەمچەماڵ-ئاغجەلەر، چەمچەماڵ-سەنگاو، چەمچەماڵ-تەکیەی جەباری، چەمچەماڵ-قادرکەرەم)، چونکە بەشێك لە سیماکانی گەشتوگوزاری تاریك، لە دیواربەند و مۆنۆمێنتەکان دەکەونە ناحیەکانی (ئاغجەلەر و سەنگا و قادرکەرەم). بەتایبەت لە ساڵیادی ئەنفالی ئەو ناوچانەدا خەڵکێکی زۆر بەو ڕێگایانەدا هاتوچۆدەکات. جگەلەوەی ڕێگەکان یەکسایدن هەروەها کۆن و پێویستیان بە نۆژنکردنەوەیە.

2. گرنگیدان بە کۆنفرانس و کۆنگرە و دیداری زانستی لەسەر ئەنفال و جینۆساید لە ناو مۆنۆمێنی ئەنفال. هەروەها گرتنەبەری ڕێگە و شێوازی جیاوازی سەردەمیانە بۆ ناساندنی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال و مۆنۆمێنتی ئەنفال لە قەزای چەمچەماڵ لە ڕێگەی سینەما و توێژینەوەی زانستی و پیشانگا و..هتد.

3. تۆمارکردنی مۆنۆمێنتی ئەنفال و پێگەکانی گەشتوگوزاری تاریکی ناوچەی توێژینەوە لە لایەن دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم لە ڕێبەر و ئەتڵەسەکانی گەشتوگوزاردا.

4. دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم دەتوانێت لەڕێگەی کۆمپانیا گەشتیارییەکانەوە گەشتی تایبەت بۆ مۆنۆمێنتی ئەنفال ڕێکبخات. بەتایبەت بۆ میوانان و گەشتیارانی بیانی و ئەو گەشتیارانەی کە لەناوەڕاست و باشوری عێراقەوە دێن بۆ کوردستان، یاخود هەر هیچ نەبێت مۆنۆمێنت بەشێك بێت لەبەرنامەی گەشتی کۆمپانیا گەشتیارییەکان. هەروەها ڕێنمایی تایبەت بە گەشتیاران بدەن بەوەی دەتوانن جگەلە سەردانی مۆنۆمێنت سەردانی ناوچە گەشتیاری و شوێنەوارییەکانی تری ناوچەکەی وەك گوندی چەرموو و کەریم شایەر و..هتد بکەن.

## سەرچاوەکان:


### یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

### أ. کتێبەکان:

1. ئاورۆن، یایر (جینۆساید)، ڕووە تیوریکانی لێکۆلینەوە لە جینۆ ساید، وەرگێڕانی مهاباد قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2019.
2. حسێن، ئاوارە، جینۆسایدی گەلی کورد لەڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەولەتییەوە، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2017، ل164
3. ڕۆستی، نادر، گرنگی جۆرەکانی گەشتوگوزار بۆ ئابوریەکی بەهێز، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران، 2022.
4. سلێمان، ڕێبوار ئیبرهیم، پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانی دۆڵی جافایەتی، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی کەرکوك، کەرکوك، 2012
5. غەفوور، عەبدوڵلا، فەرهەنگی جوگرافیایی کوردستان، چاپخانەی خانی، چاپی سێیەم، هەولێر، 2008.
6. قادر، نەبەز و فاروق، شوان، شارەدێی ئاغجەلەر و گوندەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاندا، سلێمانی، 2023.
7. گوڵ، عمر مارف، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتیدا، لە بلاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپی چوارەم، هەولێر، 2007.
8. محەمەد، عومەر، پەلامارە سەربازیەکانی ئەنفال لە هەشت قۆناغدا، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2013
9. مەلا شاخی، ابوبکر محمد حاجی، ئەنفالی چوار(خاڵخاڵان)، چاپخانەی کاروخ، چاپی دووەم، سلێمانی، 2007
10. نامیق، چنار، جینۆساید و ئەنفالی کورد. چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کەرکوك 2013.

### ب. نامەکانی ماستەر و تێزەکانی دکتۆرا:

1. أمین، عبدالجبار صالح محمد، هەڵسەنگاندنی توانستە جوگرافییەکان بۆ پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای دەربەندیخان، تێزی دکتۆرا(بڵاونەکراوە)، بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2024.
2. صالح، چراخان نصرالدین، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، 2015.
2. صدرالدین، کاظم احمد، پەرەپێدانی توانستە جوگرافییەکانی گەشتوگوزار لە قەزای چەمچەماڵ، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2023.

3. ڕەشید، شیروان عومەر، بنەماکانی جوگرافیای سروشتی و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2007.

4. عبداللە، یادگار، ڕەهەندە سیاسیەکانی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراق، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2008.

5. عزالدین، ئارام رضا، کاریگەری ئاووهەوا لەسەر حەوانەوەی مرۆڤ (بەراوردێك لەنێوان قەزای چەمچەماڵ و قەزای پێنجوێن)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی ڕاپەڕین، 2017.

6. فەرەج، جەمال مەجید، جینۆسایدی باشوری کوردستان ئەنفالی یەك بەنموونە (21/2-19/3/1988)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2022.

7. کەریم، ئاکۆ ئەحمەد، ئەنفالی گەرمیان لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیایی سیاسی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە) بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2015.

8. محمد، مراد حکیم، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی ڕاگواستنی کوردان لە عێراق لەسەردەمی بەعسدا، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەڵاحەدین، 2003.

9. مصطفی، ڕێباز لقمان، دەستنسانکردنی گونجاوترین شوێن بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچەی هەورامان، تێزی دکتۆرا(بڵاونەکراوە)، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2024.

### ت. گۆڤارەکان:

1. جوهەر، یاسین ئاشور، حەسەن، دەشتی ئەحمەد، شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(10)، خولی(1)، پوشپەڕی 2023.

2. حاجی، سالم جاسم، پروسا ئوپەراسیونێن ئەنفالان دژی کوردان (1987-1988) ئەنفالا وەك میناك، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، ژمارە (1)، زانستێن مرۆڤایەتی کومەلناسی، ژمارەی تایبەت بە سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینۆسایدی، زانکۆیا دهوك، 2019.

3. حەمەدئەمین، هاشم یاسین، ئاکامە جوگرافییەکانی پرۆسەی جینۆسایدی گەلی کورد ئەنفالی چوار وەك نموونە، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، ژمارە (1)، زانستێن مرۆڤایەتی کومەلناسی، ژمارەی تایبەت بە سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینۆسایدی، زانکۆیا دهوك، 2019.

4. سیمۆن، لویس، جینۆساید و زانستی سەلماندن، وەرگێڕانی : محمد حمە صاڵح تۆفیق، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (1)، 14/4/2017.

5. شریف، هەژار کەیفە، ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی کورد لەناساندنی تاوانەکانی ئەنفال، ڕۆژنامەی ئاسۆ بە نموونە، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (2)، چەمچەماڵ، 14/4/2018.

6. شێخ حەسەن، محەمەد، کورتەیەك لەبارەی ئەنفال و ئەنفالی ناوچەی قەرەداغ، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (1)، چەمچەماڵ، 14/4/2017.

7. طالب، جزا توفیق و صدرالدین، کاظم احمد، ژن و ئەنفال (ئەنفالی سێ بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی (B). زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارەیەکی تایبەت بە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی (ژن لە ئاوێنەی کۆمەڵگە و مێژوودا) کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، بەرگی یەکەم، (6-7/12/2023).

8. عبدالمجید، مریوان و صدرالدین، کاظم احمد، کاریگەرییە سایکۆلۆژییەکانی ئەنفال لەسەر کەسایەتی ژنی کورد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی (B). زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارەیەکی تایبەت بە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی (ژن لە ئاوێنەی کۆمەڵگە و مێژوودا) کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، بەرگی دووەم، (6-7/12/2023).

9. عەبدولڕەزاق، کاوە، عەمەلیاتی ئەنفال و ڕۆڵی میدیا لە ناساندنیدا، گۆڤاری سەنگاو، ژمارە (3-4)، پایز و زستانی 2006.

10. عەلی، سنور محەمەد، ئەنفالی گەرمیان و هەڵوێستی وڵاتان، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (4)، چەمچەماڵ، 14/4/2021.

### پ. بڵاوکراوە حکومی و دام و دەزگا فەرمییەکان:

1. ڕێبەری مۆنۆمێنتی ئەنفال، بەڕێوبەرایەتی مۆنۆمێنی ئەنفال، بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان، 2024.

2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چەمچەماڵ، بەشی زەوی وزار، زانیاری دەربارەی یەکە نشینگە مرۆیەکانی قەزای چەمچەماڵ بۆساڵی (2024) داتای بڵاونەکراوە.

3. مۆنۆمێنتی ئەنفال، توێشووی وەفا کاروچالاکیەکانی (10) ساڵی مۆنۆمێنتی ئەنفال، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، 2022.

4. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان و ئەنفالی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی مۆنۆمێنتی ئەنفال، بەشی ئەرشیف بۆ ساڵی 2025.

## دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

### أ. کتێبەکان:

1. السعدي، عصام حسن، التسويق و الترويج السياحي والفندقي، دار الراية والتوزيع، عمان، 2009.

2. سليمان ، فاتح محمد، عمليات الأنفال في كردستان العراق في ضوء مقاصد الشريعة والإتفاقيات والمواثيق الدولية، المطبعه كومبيوتر جهان، الطبعة الاولى، سليماني، 2010.

### ب. نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:

1. سليمان، فاتح محمد، عمليات الأنفال وآثارها على الشباب دراسة اجتيماعية نفسية، رسالة ماجستير(منشوره)، قسم الأجتماعية، كلية الآداب، جامعة الحره (هولندية/ فرع كركوك)، 2010.

2. طيب، سعيد صفي الدين، مقومات التنمية السياحية في ليبيا، اطروحة دكتوراه(غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة القاهرة، مصر، 2001.

3. مصطفى، مهابات محمد جميل، دور العوامل الجغرافية في الإنتاج الزراعي في قضاء چمچمال وسبل تنمية، رسالة ماجستير(غ. م)، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، 2012.

### ت. گۆڤارەکان

1. احمد، تەلار سالار، مصطلحات الإبادة الجماعية تأصيلا وتطويرا ودلالة، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی، ژمارەی تایبەت بە سێیەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی، سەنتەری بێشکچی بۆ لێکۆڵینەوەی مرۆڤایەتی، زانکۆی دهۆك، 22/8/2022.

2. الأنصاري، عابد براك، وسن عبدالرزاق كامل، التنمية السياحية في مدينة بابل، مجلة الملوية للدراسات الآثارية والتاريخية، المجلد 5، العدد 14 ، السنة الخامسة، تشرين الثاني 2018.

3. خضير، ايمان عبد، دور صناعة السياحية في تطور الأقتصاد العراقي، مجلة العلوم الأقتصادية و الادارية، مجلد18، عدد67، 2012.

4. خطاب، نياز عبدالعزيز، سياحة المظلم مفهومها و امكانات تنميتها و أهميتها، گۆڤاری زانسته مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ژماره (58)، 2018.

**سێیەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

**أ. کتێبەکان:**

1. DOUGLAS Bears, Tourism Today, A Geographical Analysis. Longman Scientific & Technical, John Wiley & Sons, New York, (1987).

2. Watch, Human Right, Genocide in Iraq: The Campaingn Against The Kurds. 1993.

3. Mohammed, Mrywan Abdulmajeed, The Psychology of Genocide, Second Published, Sulaimaniya, 2018.

Osman, Soran, Anfal Kurdish Genocide, Shvan Printing Office, First Volume, Sulimanie, 2014

**ب. نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:**

1. Abid, Istebrak Khalid, The Al-Anfal Campaign; Genocide or Politicide?, Master's thesis in Peace and Conflict Studies Faculty of Humanities, Social Sciences and Education Centre for Peace Studies, 2019.

2. Hajani, Suliman Ismail, spatial planning for the development of tourist industry in Gali Zawita and its approaches-Duhok Governorate, higher diploma, the higher institute of planning, university of Duhok,2009. 29. http://www.speleo berlin.de//inc/abstracts.php?volume=26&lan=en

**ت. گۆڤارەکان:**

1. Ahmadi, Mohammad Ali, and Others, Strategies for Organization and Development of Tourism Function in Rural Areas Case Study: Villages of Qom Province, Iran, Journal of Geography and Geology; Vol. 5, No. 4;ISSN 1916-9779 E-ISSN 1916- 9787,Published by Canadian Center of Science and Education,2013

2. Foley, Lennon, journal of Heritage Studies Interactional, (1996).

3. Taha, Paerjan Hashim, Suzan Mohamed Hassan, Traumatic Events And Posttraumatic Stress Among Iraqi Kurdish Anfal Survivors, Duhok Medical Journal Volume 14, Issue 1, 2020.

4. Verka Jovanovic, Anjelina Njegus, The application of GIS an it's components in tourism, Yugosolav journal of operation research, Vol. 18, Number2, 261-272, (2008).

**پ. ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت:**

1 .URL_1< https://www.jurovichsurveying.com.au/faq/what-is-gis>, Received Date: 24 December 2024.

2. URL_2<https://www.esri.com/en-us/what-is-gis/overview>, Recevied

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC-9

# Dark tourism development in Chamchamal district The Anfal monument, for example

**Hoshmand Ahmad Aziz [1],Kazim Ahmed Sadraddin[2] ,Salahuddin Hassan Ali[3]**

1-Department of Surveying, Kalar Technical Institute, Garmian Polytechnic University, Kurdistan Region, Iraq
2 -Ministry of Education, Sulaimani General Directorate of Education. Kurdistan Region- Iraq
3-Ministry of Education, Sulaimani General Directorate of Education. Kurdistan Region- Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **April 2025** |
| Accepted | **May 2025** |
| Published: | **August 2025** |

**Keywords**

**Anfal, Dark Tourism, (GIS), Anfal Monument, Chamchamal District**

**Corresponding Author**

hoshmand.ahmad@gpu.edu.iqkazim.cebari@gmail.com
salahadenhasan@gmail.com

**abstract**

. The aim of the study is to present the dark tourism sites in the study area and encourage and develop the Anfal monument as an important dark tourism site in Chamchamal district. The importance of the study is that SOWT model and GIS technology were used to develop the characteristics of dark tourism. Descriptive and analytical methods were also used in the study. The research plan consists of three parts and several discussions as follows: Part 1: Part 1: Research concepts and terms: Part 2: Introduction to the research area. Part 2: Discussion 1: Anfal and the stages of Anfal. Discussion 2: Geographical distribution of dark tourism in the study area. Part 3: Discussion 1: The Anfal Monument. Discussion 2: Development of the Anfal Monument with the SOWT model .

The study also concluded that the area has a number of dark tourist sites of monuments, cemeteries and walls. There are 10 dark tourism sites in the study area and they are not distributed evenly over the area. Although the Anfal monument is located in the center of Chamchamal district, each of the districts (Aghjaler) has (three) sites, Qadir Karam (four) sites and Sangaw (2) sites. Thus, no tourist sites have been built in Shorsh, Takya Jabari and Takya Kakamand districts. The study also recommends: Paying attention to conferences, congresses and scientific meetings on Anfal and genocide in the Anfal monument. Also, adopting modern methods to introduce the crime of Anfal genocide and the Anfal monument in Chamchamal district through cinema, scientific research, exhibitions, etc. and registration of the Anfal monument and the dark tourist sites of the district by the Kurdistan Regional Tourism Board in tourism guides and atlases.